پەیامی خەڵکی هەولێر

* ئای کە بۆ ئەو منداڵانە داخبار بووم کە باوکیان لە تەقینەوەکەی هەولێر شەهید بوو، کەچی وەزیری ناوخۆ تۆمەتباری کردو بە خۆکوژی لەقەڵەم دا! ماڵی ئیمە نزیک ماڵی ئەو شەهیدەیە، خەڵکی وا هەبوون کە منداڵیان لێ هان دەدان و هۆی هایان لێدەکردن، ئەوانیش لەنێو کۆستی خۆیاند کەوتبوون، دەگریان و کەسیش بایەخی پێنەدەدان، ئای چەند سەخت بوو.

خ. جەمال

* شۆفێری واهەیە هەموو شتێکی تەواوە، کەچی دەترسێ مرور هەنجەتی پێبگرێ پێچاوپێچ دەروات و خۆی لێیان دەپارێزێ، بەڵام کوڕی هەندێ بەرپرس نەک مۆڵەتی شۆفیریان نیە بەڵکو تەمەنیان لە خواروی هەژدە ساڵیشەوەیە کەچی بێ باکانە بەلای پۆلیسی هاتووچۆ تێژ تێدەپەڕن و بۆشیان راناگرن.

محەمەد کانەبی- هەولێر

* هەندێ لەوانەی بازرگانی رۆنی سەیارە دەکەن بە بەرچاوی لایەنە پەیوەندداردەکانەوە ساختەکاری دەکەن، دەبیەی بەتاڵ بۆ تورکیا و سوریا دەبەن، لەوی بۆیان دروست دەکەن، دووبارە بەبەرچاوی ئاسایش و گومرگەوە دەیانهێننەوەو لێرەش رۆنی خۆماڵیان تێدەکەن و کەسیش قسەیان لەگەڵدا ناکات.

شۆفێرێک

* بەرێوەبەری تەندروستی تکایە ئاگات لە کارخانەکانی سەهۆڵ هەبێ، دەڵێن هەندێکیان ئاوی پیس بەکار دەهێنن، قالبی هەندێکیشیان زۆر کۆنەو مەترسی ژەهراوی بوونیان لێدەکرێ، نازانم ئاگات لەو کێشانە هەیە یان نا؟!

خێزانێک بێ سەلاجە

هاوار پەیامنێران.. هاوار!!

بروسکە چەمچەماڵی

عەولەمەو بە جیهانی بوون، بوونی دونیا بە گوندێک، وایکرد کە ئاگامان لە تێکڕای هەواڵ و رووداوەکانی سەر ئەم گۆی زەویە بێ کە لەسەریدا دادەنیشین. تەنانەت هەواڵەکانی ناو فەزاو دەرەوەی زەویش. چی جای ئەوەی کە ئەمڕۆ هۆیەکانی راگەیاندن ئێکجار پێشکەوتوونەو لایەنی چەندایەتیشی لەولاوە بوەستێ. ئەمڕۆ لە کوردستاندا چەندان رۆژنامەو هەواڵنامەی جۆراوجۆر هەن، جا حکومی بن یان حزبی یان رۆژنامەی ئازاد و بێلایەن. دەبێ بوترێ هەر لە رێی پەیامنێرانی ئەم رۆژنامانەوە بچووکترین رووداو و کارەسات لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستان دەگاتە رۆژنامەکان و لە رێی ئەوانیشەوە بەسەرجەم، وڵاتدا بڵاو دەبێتەوە و خەڵکی بەرگوێیان دەکەوێ. لەم چەند ساڵەی پێشوودا منداڵەکانی کابرایەک لە چەمچەمال قازی دراوسێیەکیان دزی بوو، دوای چەند رۆژ لە یەکێ لەو رۆژنامانەی کە بە ناو ئازادو سەربەخۆن ئاماژە بەو دزیە کراو هەموش خوێندمانەوە، من کارم بەمە نیە یا جەندە هەقی بڵاوکردنەوەی هەبوو یان نا...!

چەند رۆژ پێش ئێستا رێکتر بڵێم لە ٢-٥-٢٠٠٧ کێشەیەکی گەورەی کۆمەڵایەتی لە نێوان دوو کچی تەکیەو دوو کوڕی چەمچەماڵدا رووید، بەداخەوە دەبێ بڵێم یەکێک لە کچەکان کوژرا، کەچی تا ئێستا یەکێک لەو رۆژنامانەی کە خۆیان بە سەربەخۆ دەزانن، باسیان نەکرد (جگە لە هەفتەنامەی رۆژی گەل کە لەژمارەی ١٧٩دا ئاماژەی پێکردبوو) ئەمە لە کاتێکدا لە ناوشاری چەمچەماڵدا دوو رۆژنامە بڵاودەکرێتەوە، یەکێکیان حزبییەو ئەوی تریان سەربەخۆیە!. دەبێت ئەوەش بڵێم کە هۆی خامۆشکردنی ئەم هەواڵە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کەس وکاری هەردوولا کاربەدەست و دەوڵەمەندن. جا ماوە بڵێم قورپەسەر ئەو بێ پشتەی کە قازێک بدزێ یان دوو لاوی هەژار بە بەرچاوی شارەوە دڵداری بکەن و ژووانێک ببەستن، ئەوە پەیامنێران لێیان دەکەن بە هەرا. خۆ بڕواش ناکەم پەیامنێرانی رۆژنامە ئازاد و سەربەخۆکانمان ئەم چەند رۆژە نەخۆشبن و مۆڵەتی پەیامیان وەرگرتبێ.

پەیامنێر داد.. ویژدان داد !!
راستی داد.. ئینسان داد !!

قەزوان فرۆشتن لە ناوەڕاستی شەقامی گشتیدا

من بەهەشت، تۆ بە نۆ ساڵ نایەیتەوەمایە

باوکی تنۆک

هەموومان رۆژانە چەندان لەو ژن و پیاوو منداڵانە دەبینین کە بۆ خۆیان سواڵیان کردۆتە کاری رۆژانەیان، رێبوارانی شەقامەکانیش هەندێ جار خێریان پێ دەکەن و هەندێ جاریش پێیان دەڵێن خوا بتداتێ. دەربارەی سوڵکەران زۆر جار شتی سەیر دەگێڕنەوە، لەوانیە زۆربەشمان بە چاوی خۆمان لێمان بینیبن وەک ئەوەی دەوترێت فلان سواڵکەر سێ کۆستەری هەیە، یا فلان دوو خانووی هەیە و هتد. لە راستیدا ئەگەر بەوردی چاودیری ژیانی سواڵکەران بکەی، رەنگە شتی سەیر ببینی، ماوەیەک پێش ئێستا لە شاری هەولێر بە رێکەوت لە ئوتێلێک مامەوە، جگە لەو ئوتێلەی لە زۆر جاری تریش لێی ماومەتەوە، بینیم کچێکی جوانی تازە پێگەیشتوو دەهات و دەچوو، بەکابرای خاوەن ئوتێلم گوت : ئەم کچە بەم شەوە لێرە چیدەکا ؟! لە وەڵامدا گوتی : ئەمە دەرۆزە دەکا و لەگەڵ باوکی دایە، بەیانیان زوو هەڵدەستن وعەرەبانەیەکیان پێیە، کچەکە خۆی دەکاتە نوقسان و باوکەش پاڵی پێوە دەنێ، بەمجۆرە فێڵ لە خەڵک دەکەن و پارە پەیدا دەکەن.

لەلای دوکانێک شتی سەیر رووید‌ابوو لەژیانی سواڵکەران، خاوەن دوکانێک زۆر بە بوێری باسی سواڵکردنی خۆی بۆ سواڵکەرێک دەگێڕێتەوە. ئەگەرچی بەرواری گێڕانەوەی ئەم چیرۆکە چەند ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە. حیکایەتخوان رەنگە لە ژیاندا نەمابێ، بەڵام چیرۆکی ساڵکردنی زۆر خۆشە. ئەو لە ساڵی ١٩٨٧ وای گێڕایەوە: بۆ وڵاتی تورکیا دەڕۆیشتم، بەبەستی بازرگانی و کڕینی کەل و پەلو هێنانەوەی بۆ کوردستان و ساغکردنەوەی بەمەبەستی قازانج، بەڵام لەوێ چەرخی بیرکردنەوە گۆڕاو کاروبازرگانیم کردە سەفاو سەیران، چەندان شەوی خۆشم رابوارد، کاتەکان تێدەپەڕین، بەڵام گەڕانەوەیان نەبوو، بۆیە بەناچاری دەستم کرد بە کارێکی تر بۆ هاتنەوەی مایە، باسترین کاری بێذەست مایە سواڵکردنە، هەموو رۆژێک پێدەچێت سەدان هەزار جارم گوتبێ خوا خێرتان بنووسێ، دەسی شتێکم پێبدەن، بەهەرحاڵ رۆژانە بڕی خۆی دەستکەوت هەبوو. جار جارە دەیگوت کاکە ژیان بەسەبردن هل چێڕۆکێکی ئاوادا سانا نیە، کوڕم دەوێ بوێرێ ببێتە سواڵکەر، لە تورکیاوە بۆ بەغداد لە وێشەوە گەشتێک بەناو شارەکاندا و دواتریش بیرەوە بۆ کوردستان، بۆ هاتنەوە هەشت ساڵی پڕ لە سەرماو گەرمام بەسەر برد، دواتر گەیشتەوە ئەوەی پارەکانم بگاتە کاتی خۆی، ئەمە جگە لەوەی لە شوێنی کەسوکارمدا هەریەکەو بە جۆرێک باس لە من دەکەن، منداڵەکانم هەشت ساڵ لە نازی باوکایەتی و سۆزو خۆشەویستی بە دوور بوون کە گەڕامەوە لەوە سەیرتر ، خەریک بوو رووید‌ەدا، خێزانەکەم پەتی چاوەروانی پچڕابوو، نزیک بوو ببێتە هاوسەری پیاوێکی تر، سوپاس بۆ خوا تا هەشت ساڵ ئەم کارەی نەکردبو. ئاخر ئەم کارە قەومابا کێ دەتوانێ خۆی رابگرێ لە کارێکی ئاوادا.

ئەمانە قسەی سواڵکەرێک بوو بە سواڵکەرەکەی تری وت، یەک دینارت دەدەمێ راست بڕۆ چەند ساڵە سواڵ دەکەی؟` لەگەل بیستنی ئەم رستەیە رەنگی تێکچوو، نەبەخوا وانیە! چەند سالی چی! ئەء زۆر نیە هەمووی ماوەیەکە ئا چەند مانگێکە لێم قەوماوەو کارم پێ ناکرێ، نەخۆشم ناتوانم.ئەمانەو چەند وشەوپەشۆکاوی دەربڕی، لەلایەکی دیکەشەو ئەم کابرایە هەم ئەم سەعاتە دیویەتی دیناریک کەم نیە. دیناریکی ساڵی ١٩٨٧. دینارەکە هانیدا راستی بدرکێنێ، زۆر بە هێمنی وتی وەلا قوربان ئەمە نۆ ساڵە ئەم کارە دەکەم (ئاخر بە نۆساڵ چەندت پەیداکردووە؟) من بە هەشت ساڵ هاتمەوەمایە، گەڕامەوە بۆ دۆخێکی باشتر، نۆ ساڵ تەریق بوونەوە لەبەردەم رۆژەکاندا بەس نییە؟! بە نۆ ساڵ ژیانێکی ئاسوودە پێک نایە کوڕی باوکم!! لێ گەڕێ کەسانی دیکەش دوعانە پەیدا بکەن، وازی لێ بێنە، من بە هەشت ساڵ، تۆش بە نۆ نایەیتەوەمایە؟!

بۆ بەرچاوی بەرپرسان

ماوەیەکە دەنگۆی دواخستنی ماددەی ١٤٠ دەبیسترێ، هەندێک کەسیش باس لەوە دەکەن کە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان کە لەراگەیاندنەکانیاندا بەردەوام دڵسۆزی و پەرۆشی خۆیان بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠، واتە ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکانی دیکە و بەڕێوەبردنی ریفراندۆم دەردەبڕن، کەچی لە ژێرەوە ئامادەکاری بۆ ئەوە دەکەن رەزامەندی لەسەر دواخستنی بدەن و خەڵکەکەش باوەڕ پێ بهێنن کە دواخستنی لەبەرژەوەندی گەلی کوردستان دایە. من وەک کوردێک پێموایە هەرگیز دواخستنی ماددەی ١٤٠ لەبەرژەوەندی کوردستان دانیە، ئەگەر بۆ تەنیا یەک مانگیش ئەو ماددەیە دوا بخرێ واتە دەبێ سەرلەنوێ تێ هەڵبچینەوە و جارێکی دیکە دەست بە شۆڕش و خەبات بکەینەوە. تکایە چیتر فریومان مەدەن !

قاسم کەرکوکی

خۆشەویستی لە پێناو سەروەت یان سەروەت لە پێناو خۆشەویستیدا

سەباح ساڵەیی

بە تێگەیشتنی ئەم دوو رستەیە دوو لێکدانەوەی جیاوازمان لا دروست دەبێ. لە رستەی یەکەمدا خۆشەویستی لە پێناو سەروەتدا واتە پەیوەندی بەرژەوەندی لە نێوان دوو کەسدا کە ئەم خۆشەویستیە بنەمایەکی رۆحی تێدا بەرجەستە نابێ، واتە بەستنەوەی دوو دڵ بۆ پێناوێک یان ئامانجێک کە لەلایەک لە لایەنەکان لێکی دەداتەوە، ئەم جۆرە خۆشەویستیە ئاکامێکی دروستی نابێ، دوور نیە کۆمەڵی کێشەی کۆمەڵایەتی لێ ببێتەوە. لەزۆر حاڵەتدا چونکە بناغەیەکی پتەوی نیە بۆ مانەوەی خۆشەویستیەکی راستەقینە لەنێوان دوو مرۆڤدا کە ئەمەش لە ئەمڕۆدا زۆر باوە، هۆکەشی دەگەڕێتەوە بۆ کێشە دەروونی و ئابووریەکان و تێنەگەیشتن لە مانا پراوپڕیەکەی. ئەگەر خۆشەویستی رستەی دوومەیان لێکبدەینەوە، واتە سەروەت لە پێناوی خۆشەویستیدا، ئەمەیان وەکو ئاوی کانی روونەو کەس ناتوانێ نکۆڵی لێ بکات، واتە هەموو شتە مادی و رۆحیەکان بەرجەستە دەکرێن لە پێناو بێ گەردی و پاکی رۆحی مرۆڤەکان لەنێو یەکتردا. هەڵبەت ئەم جۆرە خۆشەویستیە لەسەر بنەمایەکی رۆحی و بێ مەبەست پەیڕەو دەکرێ کە مرۆڤ ئامادەبوو لەبەرانبەر بەرانبەرکەیدا هەموو سەروەتی خۆی پێشکەش بکات بۆ مانەوەی پتەوکردنی ئەو رۆحەی هەیە، ئامادەیە خۆیشی بەخت بکات، رووی راستەقینەی خۆشەویستی بۆ بەرانبەرەکەی بە دەردەخات لە کاتێکدا ئامادە دەبێ بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەموو جەنجاڵیەکانی و پێشهاتەکانی لە پێناو خۆشەویستیدا. ئەم جۆرە خۆشەویستیە بۆ مێژوویێکی کۆنمان دەگێڕێتەوە کە نموونەی زۆرە، وەکو شیرین و فەرهاد، مەمی ئالان و خاتوو زین کە ئەم جۆرە خۆشەویستیە وەکو داستان و ئەفسانە لە لاپەرەکانی مێژوودا تۆمار دەکرێ. بەداخەوە ئێستا ئەو حاڵەتە بە دەگمەن دەبیندرێ، ئەویش بەهۆی تێنەگەیشتنە لە خۆشەویستی راستەقینە و بنەماکانی، نەڕوانیە لە ئاستە رۆشنبیریەکان بەهۆی دروست بوونی جیهانێکی پڕ لە بەرژەوەندی و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو بێ خەمی مرۆڤەکان بەرانبەر بە یەکترو کەمی هۆشیاری لە کۆمەڵگەدا.

هەموار کردنی دەستوور لە بەرژەوەندی گەلی کوردستان دانیە

کاروان شەفیق- دانمارک

سەرچاوەکانی هەواڵ ئاشکرایان کرد کە لیستەکانی بەشدار لە ئەنجوومەنی نیشتمانی عێراق دوای دانوستاندێکی زۆر لە سەر هەموارکردنی دەستووری عێراق کە ئەمریکاو وڵاتانی عەرەبی و تورکیاش لەسەر داوای سوننەکاندا پیداگریان لەسەر دەکرد، رۆژی چوارشەممەی رابردوو هەموویان لەسەر چەند خاڵێکی گرنگ بەڵام ترسناک رێککەوتن.

بەگوێرەی ئەو رێککەوتنەی کە لەنێوان لیستەکاندا کراوە ئیدی داهاتی نەوت و داهاتی سنوورەکان لەدەست حکومەتی ناوەندیدا دەبێ وهەرێمەکان مافی ئەوەیان نابێ بۆ خۆیان بیان گێڕنەوە. ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئیدی سامانی نەوت لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی بەغدا دەبێ و حکومەتی کوردستان مافی ئەوەی نابێ دەست لە بیرە نەوتەکانی کوردستان بدات!! هەروەها حکومەتی کوردستان دەبێ تەواوی داهاتەکانی گومرگی ئیبراهیم خەلیل و باشماخ و شوێنەکانی تر بۆ خەزێنەی حکومەتی بەغداد بگێڕێتەوە.

ئەم رێککەوتنە تەواو پێچەوانەی لێدوانەکانی سەرکردەکانی کوردستانە کە بەدرێژایی چوار ساڵی رابردوو بەردەوام جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە ئەوان هەرگیز رازی نابن کە سامانی نەوت لەژێر دەستی ناوەند دابێ، بەڵام ئێستا کە رەزامەندی لەسەر دەردەبڕن دەبی بزانین کە شتێک لەژێر بەڕەکەدا هەیە. هەروەها حزبە دەستەڵاتدارەکانی کوردستان شەڕێکی خوێناویان لەپێناو داهات و گومرگەکاندا کرد، هەزاران رۆڵەی کوردستانیان بە کوشت داو ئامادە نەبوون بە خەڵکی بدەن، کەچی ئێستا ئامادەن تەواوی داهاتی گومرگەکان بۆ حکومەتی ناوەندی بگێڕدرێنەوە، ئەمەش رازێکی شاراوەی تێدایە و دەبێ خەڵکی کوردستان خۆشباوەڕانە فریو نەخوات.

بەگوێرەی ئەو رێککەوتنە ماددەی ١٤٠ دوادەخرێ و کەسیش نازانێ بۆ چەند ساڵی دیکە، هەروەها پارێزگای کەرکوکیش ناگێڕدرێتەوە سەر هەرێمی کوردستان و هەرێمێکی سەربەخۆ دەبێ، ئەمەشیان پێچەوانەی لێدوان و بانگەشەکانی سەرکردایەتی سیاسی کوردستانە، ئایا ئەوان رەزامەندیان لەسەر دواخستنی ماددەی ١٤٠ دەربڕیوە یان نا؟! هێشتا بەتەواوی ئاشکرا نەکراوە، بەڵام من پێموایە ئەمەشیان زۆربەئاسانی بەسەر گەلی کوردستان تێپەڕ دەکەن و پێمان دەڵێن بارودۆخی کوردستان و ناوچەکەو جیهان لەبار نیەو ئەمریکا پشتیوانیمان لێ ناکات و لەبەرژەوەندی گەلی کوردستان دایە ئەگەرماددەی ١٤٠ دوابخرێ و کەرکوک بکرێ بە هەرێمێکی سەربەخۆ!!

من لێرەوە پڕ بە گەرووم هاوار دەکەم و تکا دەکەم کە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان سازش لەسەر هێڵە سوورەکان نەکات وجارێکی دیکە بۆ دواوەمان نەگێڕێتەوە. داوام ئەوەیە گەل پەسندی نەکات .